# دیداری گورگە کوردەکەی سوریا(گرۆ).

## کازیوە سالح



- عبدالباقی سلیمان، ناسراوە بەگرۆ.
- لەساڵی ١٩٦٤ لەسفر/ حسکە لەدایکبووە.
- دەرچووی سەنتەری هونەری شێوەکاری دیمەشقە.
- لەساڵی ١٩٩٤ لەدیمەشق پێشانگایەکی تایبەتی کردووەتەوە بەناونیشانی (گرۆو هاوینی سوتاو)

بەشداری ئەم پێشانگانەی کردووە:

- پێشانگە ساڵانە، لەساڵی ١٩٩٤-٩٥-٩٦-٩٧
- پێشانگەی ساڵانەی دیداری خۆشەویستی لەساڵی ١٩٩٤وە.
- پێشانگە بینالی خۆشەویستی لەلازقیە ساڵی ١٩٩٤ء١٩٩٥ء١٩٩٦.
- پێشانگەی ساڵانەی ئادار لەساڵانی ١٩٩٤-٩٧،٩٦،٩٥.
- پێشانگەی جەژنی ژنان لەساڵی ١٩٩٥وە.
- پێشانگەی یادی شاعیری مەزنی کورد جگەرخوێن.
- پێشانگەی وەزارەتی زانستی باڵا ١٩٩٦
- پێشانگەی (هونەرو ئاشتی) لەبەیروت ساڵی ٢٠٠٠.
- پێشانگەی مارس دیمەشق ٢٠٠١.
- پێشانگەی رەنگەکانی بەهار لەگەلەری یونسکو لەبەیروت ساڵی ٢٠٠١.

- **دەتوانین سەرەتای دڵخوازبوونت لەگەڵ هونەر بزانین؟**

- یەکەم زریکەی گرۆ لەتاریکیەوە بۆ تاریکی بوو، هونەریش لەو چریکەیەوە دروست بوو، چونکە هونەر لەسەرتای دروستبوونی مرۆڤء لەو ساتانەی کەرۆح دێت بەبەریدا هونەر ئاوێزانی دەبێتء بەرەنگەکانی ئاسمانء زەوی پەلکەزێرینەکانی نێوانیان دەبێت.

- **وێنەکێشان لەسەدەی بیستەمدا نەخشکردن بوو لەسەرقاپء قاچاخء دیوارو شمەک، بەڵام ئێستا گۆراوە بۆ قوتابخانەو شێوازی جۆراوجۆر، ئایا تۆ شێوە کارکردنی تایبەتی خۆتت هەیە یان لەژێر کاریگەریی یەکێک لەقوتابخانەکانذای؟**

- بەڵێ منیش سەرەتای کارکردنم زەخرفەو نەخشم کەلءپەلء دیوارو سەقفی ماڵان کرد، بەڵام دوایی لەژێر کاریگەریی شینی ئاسمانء خاکیەتی زەوی بەشێوەیەکی دیکە رەنگم خۆشەویست،

شێوازێکی  تایبەت بەخۆمم هەیەو تەنها لەژێر کاریگەریی هەستء سۆزی هونەریی خۆمداو کاریگەرییە دەرونیەکانی خۆمدام.

- **بەڵام کاریگەرریە دەرونیەکانی خۆت پریەتی لەرەش بینی، هەربۆیەش وایکردووە روخساری تابلۆکانت تارادەیەک رەشبینیء غەم دایگرێت؟**

-رەشبینی روخساری تابلۆکانم مرۆڤە مەزنەکانی کوردن، ئەو ئومێدو ئازادیەیە لەدوارۆژدا دەکەوێتە روخساری مناڵەکانی داهاتومان.

بەڵام غەمەکان ئەوەیان خەلاتێکی خوداییەو بەبەری گرۆ براوەو بیَ ئومێدم بەو زوانە رزگارم ببیێت لیێی، بەڵام دەشکریَ ببیێت بەخۆشیء خەندەی سەرلیێوی مناڵە بیێبەشەکان لەناوء نیشتمان.

- **چۆن خەندە دروست  دەکەیت، کەتۆ مرۆڤیێکی هەمیشە غەمبارو گریاوو رەش پۆشی؟**

-          خەونەکانی مرۆڤ لەو ساتانەوە دەردەکەوێت کەدەتوانیێت جیاوازی نیێوان زەویء ئاسمانء ئاگرو ئاو، چاکء خراپء رەنگەکانی پەلکەزیێرینە بکات، جوانیەکانی نیێوان هەتاوو گوڵەگەنمء باخچەکانی  گوڵەبەرۆژە تیێبگات،  ناسکیەکانی نیێوان مەلء پەپولەو گوڵء درکء درک پیَ بکات، ئەم هەموو جوانیە سحر ئامیێزە لەگوندەکەماندا کەناوی (سفر) بوو هەبوو، بەڵام هەتا دووی سەرەتاییم تیێدا خویێندو لەویێوە گوازرامەوە بۆ جیهانیێکی نادیار کەنەمدەزانی قەدەری چی بۆمن لەهەگبەکەیدا هەڵگرتووە، لیێرەوە سفرو ئازارو غەمەکانی من دەستی پیێکرد، لەساتی ماڵئاوایی کردنم لەگوندەکەم رووم کردە گوندی (حسکە) بیرم دیَ لەو شوێنەدا یادی جوانیەکانی سفر لەچاوەکانمدا مابوون بۆیە ئەو ماوەی لەویَ بووین تەنها توانیم مریشکی رەشء سەگە رەشەکانی باوکم خۆش بوێت کەتاریکیش دادەهات لەگەڵ مانگء شەودا دەکەوتمە گفتوگۆ لەویێوە من رەشم خۆش ویستء رەشیش بوو بەبەشم وەکو پۆشاکء وەکو بەختیش هەرچەند دایکم هەمیشە دەیبگوت پۆشاکی رەش نەگبەتیت بۆ دەهیێنیَ.

**※ئەی لەوکاتەدا هیچ نەبوو بەهاوریێ خەمەکانت، بۆ ئەوەی هەندیَ سوکی بکات؟**

-          بەڵیَ کچیێکی رووشیرین وەکو روخساری (سفر) تارادەیەک خۆشمویست کەغەمی گوندەکەمانی بیردەبردمەوە، بەڵام کاتیَ رەشەبا رەشەکانی باوکم لە بنەوە هەڵیێکەندمء لەئەوی کردم، لە(حسکە)ی شوێنی نیشتەجیَ بوونیشی کردمء پاش ئەوە رووم کردە دیمەشق.

- **ئەو کاتە فڵچەو تابلۆ نەبوون بەهاوریێت؟**



-          لەقۆناغی ئامادەییدا زۆر بەتوانا بووم لەوێنەکیێشانی (نەخشە)دا کەلەجوگرافیادا دەمانخویێند بەڵام لیێرەشەوە رۆژیێکی رەشء کارەساتیێکی رەش گەیاندمی بەویێنەکیێشان، لەگوندەکەدا ریێگەیەکی دریێژی رەش هەبوو، هەمیشە ترسی دەخستە دڵمەوەو نەمدەزانی لەو ریێگەیەدا چیم بەسەردیێت، بەتایبەت کەریێگەی خویێندنگەکەشمانی لەسەربوو، هەتا لەو ریێگەیەداو لەئیێوارەیەکی تاریکء رەشدا تووشی کارەساتیێکی دڵتەزیێن بوومء دوو مانگ لەخویێندن دابڕام بەهۆی ئەو کارەساتەوەو لەجیێگەدا کەوتم، لیێرەداو لەجیێگەدا ویَ،ەی ئاژەڵیَ جوانم کیێشا،

لەناویاندا وێنەی گورگیشم کێشابوو، زانیت چۆن ڕەنگی ڕەشء کارەساتی ڕەش گەیاندمی بە وێنەکێشانیش.

- (گرۆ) واتە (گورگ) بۆچی گورگ، چۆن ئەم ناوەت نرا؟

- لەیەکەم ساتی لەدایکبوونمەوە پێیان گوتم گرۆ کەبەزمانی ئێوە گورگ دەکات، چونکە لەدابء نەریتی کۆنی ئێمەدا هەیە ئەو منداڵەی لەدایک دەبێت سێ جار بیخەیتە دەمی گورگەوەو دەریهێنیت نامرێء دەژی، ئەم مەراسیمەش بۆ من کراوە، هەرسێ جارەکە خراومەتە دەمی گورگەوەو بەسەلامەتی هێنراومەتە دەرەوە ئیتر لەوێوە ناویان نام (گورگ_گرۆ) منیش ئەم ناوەم خۆشویست چونکە گورگ نێچیری مردوو ناخوات (کەواتە غەدر لەهاوڕێکەی ناکات کەخەوتبێت) بە پێچەوانەی ئەوانی ترەوە.

- ئایا ئێوە زیاتر بایەخ بە پەیام دەدەن وەکو نێرەر، لەتابلۆکانتدا یان لایەنی هونەری؟

- پەیامی من دەریایەکە لەشاخە بەرزو سەختەکانەوە هەڵدەقوڵێ کەچەندین ڕەشەبای ژەهراوی بەرویدا هەڵدەکات.. مادەم ئەو دەریاش لەسەرچاوەی خۆیەوە هەڵدەقوڵێ بێگومان دەگات بەو جێگەی خۆی دەیەوێت.

لەبەر ئەوەی لەنەتەوەیەکی دەربەدەرو هەڵکەنراوم لەریشەوە.. دڵسۆزو بەوەفا دەبم بۆ ئەو تابلۆیە، لەشێوازێکی هونەری جواندا.

- چۆن دەتوانیت هارمۆنیی ڕەنگەکان دروست بکەیت، ئایا ئەو هارمۆنیتە سوودی هەیە بۆ ڕێڕەوی هونەریت؟

هەموو کارێکی هونەری جۆرێک لەهارمۆنێتی ڕەنگی تێدایەو هەروەها هەموو هونەرمەندێکیش هارمۆنتێکی تایبەتی هەیە، منیش هارمۆتیک لەهەستء خەیاڵمدا هەڵدەقووڵێ کاری تێدا دەکەم.. بەڵام ئیتر نازانم چەند بەسوودە لەڕێڕەوی هونەریمدا، چونکە ئەو شتێکە پێویستە جەماوەرو بینەری تابلۆکان بڕیاری لەسەر بدەن.

- دەمانەوێ بڵێین ئایا ڕەنگ هیچ فەلسەفەیەکی دیاریکراوی هەیە لای ئێوە یان تەنها وەکو ڕەگەزێکی هونەری کاری تێدا دەکەن؟

-هەموو مرۆڤێک نەک تەنها هونەرمەند لەژیانی کەسیء ڕۆژانەیدا فەلسەفەیەکی دیاریکراوی خۆی هەیە سەبارەت بەڕەنگەکان، هەرئەوەشە وادەکات ڕەنگرێژی شێوازی شتەکان لەهیچەوە بۆ هیچ لەدیارەوە بۆ نادیار بکات.. منیش سروشت فێری فەلسەفەی ڕەنگی کردووم.

*ئایا هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان تابلۆو بینەردا هەیە، ئایا هونەرمەند ڕۆڵی هەیە لەگەڵاڵە کردنی ئەو پەیوەندییەدا؟

-بێگومان پەیوەندیی لەنێوان تابلۆو بینەردا هەیە.. ئەو ڕۆڵەش هونەرمەند بە پێی ئەو ڕەچەڵەکەی کەلەسەری کاردەکات دەتوانێت ئەو پەیوەندییە دروست بکات.

*هەموو کارێکی هونەری سەرکێشی موغامەرەیە، ئایا موغامەرەی هونەرمەندە شێوەکارەکانی سوریا گەشتووە بەکوێ؟

-موغامەرەی هونەرمەندە شێوەکارە نوێیەکان بەرەو نوێگەریء تەجرید دەروات، بەڵام کۆنەکان سەربەقوتابخانە هونەریەکانی وەکو (ریالیزمء ئینتباعیء کۆبیزمء سپیلزمء ئێکسپرشنیزم)ی بوون بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بزوتنەوەی شێوەکاری لەسوریادا لاوازەو لەئاستی پێویستدا نییە.

*ئایا هونەرمەندە کوردە شێوەکارەکانی کورد توانیویانە کلتورێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت لەسوریادا؟

-هونەرمەندە پێشینەکانی کورد لەسوریا کلتورو شێوازی کارکردنی تایبەتی خۆیان هەبووەو کەزۆریش هۆگری زەوی راستەقینەو سروشتء دایکبوون لەوانەش هونەرمەندان (فاتح المدرسء بشار العیسی)بوون، بەڵام بەداخەوە ئێستا دوو هونەرمەندی کورد یان کۆمەڵێکیان بەیەکەوە ناتوانن یەکبگرنء بۆکەلتوری کورد کاربکەن، ئەو کارانەی دەکرێت کاری فەردین، ئەوەش کاریگەریی بەهێزی نابێت، جگە لەوە نوێیەکان خۆیان بەشێوازی نوێء تەجریدەوە سەرقاڵ کردووە.

*(تەجرید) لای تۆ چی دەگەیەنێت؟

- راکردن لەواقع

- ئەی واقع چی دەگەیەنێت؟

- ئەو نەخشەی خواوەند بەپێچەوانەی خەونەکانی من نەخشە کێشا.

- خەونەکانی تۆچی بوون؟

- حەزم دەکرد بەئازادیی لەسەر ئەو زەویە بژیم کەلەسەری لەدایکبووم، واتە ئەوەی نیشتمانی نییە، بوونی نییە، منیش ئێستا بوونم نییەو تەنانەت پێناسێکیشم پێ نییە بوونم بسەلمێنێتء تەنها وەرەقەیەکی مانەوەم پێیە کەلەسەری نووسراوە هاوڵاتی بیانی، ئیتر دەبێ خەونم چی بێت.

- لەتابلۆکانتدا بایەخ بەمەسەلەی کوردو سروشتی کوردستان دەدەیت بەتایبەتی باشوری کوردستانی تێدا دەبیندرێت، ئایا پێشتر ئاشنایەتیت لەگەڵ کەلتوری کوردی هەبووە لەعیراقدا، یان سەردانی کوردستانی عیراقت کردووە؟

- من بەکوردێتی هاتوومەتە دنیاوە، لەبەرئەوە لەهەرکوێ کوردێک ئازار بچەژێت یان (اعدام) بکرێت منیش لەگەڵیدا ئازار دەچەژمء ئیعدام دەکرێم، سەبارەت بەسروشتی کوردستانیش تەنها ئەو تابلۆیانە هەیە کەشانازی پێوەبکەمء بەبەشێک لەخۆمی بزانم، هەرلەبەر ئەوەشە نەمتوانیوە سەردانی کوردستان یان سەفەر بۆ هیچ شوێنێکی تر بکەم، چونکە هەتا ئێستا خاوەنی ناسنامەی هاوڵاتی بوونم نیە، نەک (جواز)ی سەفەر، ئەمەش وای کردووە هەرگیز هەست بەمرۆڤ بوونی خۆم نەکەم، تەنها ئەو تابلۆیانەی سروشتی کوردستانی تێدایە بەموڵکی خۆمی بزانم.

بەڵام جارێک هەوڵم دا سەفەر بکەم بۆ کوردستانی عیراق، ئەفسوس لەو کاتەدا شەری ناوخۆ لەنێوان هەردوو لایەنە کوردیەکەدا دەستی پیکردو ئەوەش وایکرد بێ ئومێد بم لە دایکبوونێکی نوێ کەخەونم پێوە دەبینی، بەدڵ شکاوی پاش هەفتەیەک لەقامیشلیەوە بگەرێمەوە بۆ دیمەشق.

*لەناو سوریادا دوکانی فرۆشتنی تابلۆ زۆر دەبینین، یان دوکانی ئەو شێوەکارییە سوریانەی لەتابلۆی بازرگانی دروست دەکەنء هەر لەدوکانەکەدا دەیفرۆشن، بەرای ئێوە هونەر بۆ هونەرە یان هونەر بۆ بازرگانیە؟

- بەڵێ دوکانء گەلەری زۆر دەبینین کەتەنها هونەری بازرگانی تێدا دەکرێت،بەڵام لەراستیدا هونەر لەوە گەورەترە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێتء من رای جیاوازم هەیە، هەرچەندە ژیان زۆر گرانەو هونەریش نەبووە بە پیشە.

- **ئایا لەدەرەوەی سوریا پێشانگەت کردۆتەوە؟**

- زۆر لەکارەکانم گەشتوون بەدانمارکء هۆڵەنداو سویسراو ئەڵمانیا، بەڵام وەکو پێشانگەی تایبەت ئەوە بۆ ئێمە لەناو سوریاشدا گرانە تەنها لەبەرئەوەی کوردین، بەڵام لەزۆربەی پێشانگە کۆمەڵەکاندات بەشداربووم.

- **بۆچی هەمیشە گۆشەگیریتء تێکەڵاوی کەس نابیتء تەنانەت لەگەڵ ئەوەی کاری گەورەت هەیە بێباکی لەوەی پێشانگە بکەیتەوە یاخود نا؟**

- نامەوێ غەم و سیمای غەمباری من کەس غەمبار بکات دەترسم ئەو شێوە ئازاراویەی من خەڵک ئازار بدات بۆیە تێکەڵاو نابم.